# خه‌لاتی رۆژنامه‌ نوسان به‌ كه‌یف ومیزاجی به‌رپرسانه‌ .........

رزگار كۆچه‌ر
rzgarkochar@yahoo.com

دیاره‌ هاوكات له‌گه‌ل یادی رۆژنامه‌گه‌ری كوردی وه‌ك دیارده‌یه‌كی چاولێكه‌ری , هه‌ندێ ده‌زگای حزب و حكومه‌ت كۆمه‌لێك رۆژنامه‌نوسیان خه‌ڵات كرد كه‌ من رێزم بۆ زۆربه‌یان هه‌یه‌و ده‌ست ره‌نگینی خامه‌كه‌یان له‌ گشت بواره‌كانی رۆژنامه‌گه‌ری كوردی دیاره‌شایه‌نی خه‌لات كردنن , بۆیه‌ من له‌م نوسینه‌م به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك مه‌به‌ستم ئه‌وان نیه‌ كه‌ دڵنیام له‌ وانه‌یه‌ خۆشیان هه‌ندێ تێبینیان له‌سه‌ر ئه‌م شێوه‌ خه‌ڵات كردنه‌ هه‌بێت !!!

به‌ڵام قسه‌ كردن له‌سه‌ر دیارده‌یه‌ك كه‌ ئه‌م ماوه‌یه‌ چه‌ند جارێك دوباره‌ بۆوه‌ به‌رای من ده‌چێته‌ قالبی به‌ نا ئاگابوونی سه‌ندیكا له‌ كارو چالاكی ئه‌ندامه‌كانی كه‌ خه‌ریكه‌ ده‌بنه‌ چه‌ند هه‌زارێك و دووره‌ په‌رێزی سه‌ندیكای رۆژنامه‌نوسانی كوردستان له‌ بۆنه‌كان و به‌ غیاب بوونی ئه‌م دامه‌زراوه‌ به‌رهییه‌ كه‌ حزبه‌كانی نێو به‌ره‌ی كوردستانی جاران پۆسته‌كانیان قورخ كردووه‌ تا به‌ كه‌یف و میزاجی ئه‌وانیشه‌وه‌ چاپه‌چی و به‌رده‌ست و پاسه‌وانی به‌رده‌رگا به‌ فۆرم و پیشتگیری حزبه‌كانیان بكرێن به‌ رۆژنامه‌نوس و دوایش خه‌ڵات بكرێن , له‌گه‌ل ئه‌وه‌ش پێم سه‌یره‌ كاتێك ده‌زگایه‌ك كه‌سێك خه‌ڵات ده‌كات هه‌موو ئه‌و خاڵانه‌ ره‌چاو ناكات كه‌ ده‌بێت ببێته‌ پێوه‌ر بۆ خه‌ڵات كردن و به‌ره‌چاو كردنی پرۆفیشنال كردنی رۆژنامه‌وسه‌كه‌ له‌ بواره‌كه‌ی خۆی كه‌ من پێم وایه‌ گه‌وره‌كردن و ریكلام كردن بۆ مه‌راسیمی خه‌ڵات دابه‌ش كردنه‌كه‌ خۆی له‌ خۆیدا به‌ ته‌مبه‌ل كردن و غرور كردنی رۆژنامه‌نوسه‌ ناكه‌میله‌كه‌یه‌ كه‌ لای ئه‌و به‌ خه‌ڵات كردنی واتا گه‌یشتن به‌ لوتكه‌ی داهێنان و ئه‌فراندن , به‌ڵام كاتێك له‌گه‌ل هه‌موو ئه‌م كه‌م و كوریانه‌ی سه‌ندیكای رۆژنامه‌نوسانی كوردستان ده‌زگایه‌ك ئه‌م بۆنه‌یه‌ ده‌قۆزێته‌وه‌ به‌ كه‌یف و مه‌زاجی خۆی و سكرتێره‌كه‌ی لیستێك ئاماده‌ ده‌كات و كۆمه‌لێك له‌ كورانی حزب و رۆژنامه‌ حزبیه‌كان به‌ كۆمپیوته‌رێكی لاپتۆپ یان برێك پاره‌ یان جه‌نتایه‌كی دیبلۆماسی ده‌م قه‌پات ده‌كات و فێری دیارده‌یه‌كی تازه‌ی سازشكردن و پێدا هه‌لگوتنیان ده‌كات و هه‌ندێ له‌م به‌ناو رۆژنامه‌نوسانه‌ ده‌كات به‌ خاوه‌ن نه‌وت شه‌جاعه‌كانی رۆژنامه‌ گه‌ری كوردی تا نوسین و قسه‌كردنیان له‌هه‌موو ئه‌م دیارده‌ سلبیانه‌ی كه‌ هه‌ندێ له‌ به‌رپرسانی كوردستان ده‌رهه‌ق به‌ خه‌لكانی ره‌ش و رووتی ده‌كه‌ن پێچه‌وانه‌ی بكه‌ن و خه‌لك له‌زانینی راستیه‌كان چه‌واشه‌كه‌ن , ئه‌وكات ده‌بێت ئێمه‌مانان هه‌لوه‌سته‌ له‌سه‌ر ئه‌م دیارده‌یه‌ بكه‌ین و بلێن پێوه‌رتان چیه‌ بۆ خه‌ڵات كردن ؟؟؟؟؟

ئه‌گه‌ر خه‌لات دابه‌ش كردن له‌سه‌ر ئه‌ساسی كارو چالاكی و بزێوی رۆژنامه‌نوس بێت ئه‌وا تا بلێی كارێكی به‌جێیه‌و شایه‌نی ده‌ست خۆشیه‌ به‌ڵام كاتێك خه‌زمایه‌تی و شارچیاتی و برایه‌تی ده‌بێته‌ سه‌نگی مه‌حه‌ك بۆ خه‌ڵات كردن ئه‌وكات ده‌بێت هه‌موومان بلێن خوایه‌ واتان ئه‌واكه‌ی چه‌نده‌ خۆش دلگیره‌ .......